


# ئەندێشە و سەرسوڕمان

## خوێندنەوەیەک بۆ تابلۆکانی سەلام محەمەدی

تاریق کارێزی

هەردوو تێگەی (ئەندێشە) و (سەرسوڕمان) بە رەهایی بەردی بناغەی هەڵچنینی هونەرن. لە نێو هونەریشدا، هونەری نیگار دارایی ئاستێکی بەرزە لە ئەندێشە و سەرسوڕمان. سەرەتا هەردوو تێگەکە، لە ناخ و هزر و دڵی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرن، پاشان بەوەی کە هونەردار بڕستی بە سەر بەرجەستە کردنەوەی ئەندێشە و بەدی هێنانی سەرسوڕماندا دەشکێ، بزاوت دەکات، هزر دەیجوولێنێ و بیرۆکە ئاوێتە بە خەیاڵ دەکات، بۆ ئەوەی بەرهەمێك گەلاڵە بکات، کە من و تۆی ناهونەرمەند پێمان ناکرێ، لە هەمان کاتدا پێمان جوانە و جێی سەرسوڕمانی ئێمەشە.

راستە ئەندێشە لە بنەڕەتدا هەست، یان نەستێکی رووت و پەتییە، بەڵام لە خەیاڵ و بیری مرۆڤەوە هەڵدێت و دەروونی دێنێتە جۆش. ئەم کردە سایکۆبایۆلۆژییە وەك هەقیقەتێکی نابەرچاو زۆر کاریگەرە بە سەر کەسایەتیی مرۆڤەوە. لەبەر ئەوەی ئەندێشە ئاوێتەیەکی هەست و نەستە، رەنگە مرۆڤ نەتوانێ بە زار و بە زمان بە دروستی پیشانی ئەوانی دیکەی بدات، پێیان رابگەیەنێت و لە بەر چاوان نمایشی بکات. ئیدی لەم گۆشەیەوە هونەر دەبێتە ئامرازی دەبڕین و هۆکاری بەرجەستە کردنی ئەندێشە. هەرچەندی ئەندێشەش قووڵ و بەرین بێت، هاوکات مرۆڤ (هونەرمەند)یش لە باری هونەردا دەست کراوە و دەستڕۆیشتوو بێت، باشتر و چالاکانەتر دەرگا بە رووی دنیای سەرسوڕمان لە لای ئەوانی دی دەکاتەوە. دەریچەی هونەریش ئا لێرەوە دەست پێ دەکات.

پەیوەند بەم بەراییەی قسەکانم، دەکرێ لە بەری ئەزموونی هونەرمەندێکی رۆژهەڵاتی کوردستان (سەلام محەمەدی) بڕوانین. ئەم نیگارکێشە سەلیقەدارە زۆر بە چڕی بە ئەندێشەدا رۆچووە، بە رادەیەك لە ئاست کارەکانیدا، لە لای ئێمەی بینەر سەرسوڕمان بەدی دێت. کەناری هونەر بە کەس سنوودار نەکراوە، واتە رووبەری داهێنان بێ سنوورە. لە هەمان کاتدا کەس لە رووی تەکنیك و ستایلی کارکردنەوە دەستبەستە نییە، بەڵکوو هونەر وەك کردەیەکی کار و ئەفراندن، تا ئەو پەڕەکەی، شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرجەستە کردنی ئازادی. لێرەدا، لە کردەی هونەردا، ئازادی وابەستە بە جوانی و ستاتیکایە.

بە سەرنجدان لە تابلۆکانی (محەمەدی)، ئاشکرا دیارە کە گرێچنی تابلۆی لە بەر رۆشنایی وێنە فۆتۆدا هۆنیوەتەوە. ئەم قسەیە وەك بەرچاو روونی بۆ خوێنەر دەکەم، نەك بە هیچ واتایەکی دی. جا تۆ وەرە لە تابلۆکانی ئەو بڕوانە و بە هەموو وێنەیەکی فۆتۆگرافی دنیای بەراوردیان بکە. قابیلی هیچ بەراودێك نین، تەنانەت لەگەڵ ئەو وێنە رەسەنانەی، کە ئەو تابلۆکانی لە سەر کێشاون. باشە ئەم سیحرەی تابلۆکان لە چیدایە؟

من پێم وا نییە زێدەڕۆییەك دەکەم، کاتێك روونی دەکەمەوە و دەڵێم، هەر وێنەیەکی فۆتۆ گواستنەوەی شێوە و دیمەنێکە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا. ئەو گواستنەوەیەش وابەستەیە بە جۆری کامێراکە و بە ژینگە و ساتەوەختی وێنە گرتنەکە، هەروەها دۆخی دەروونی ئەو کەسەی وێنەکەی دەگیرێ، یان کەش و هەوای ئەو دیمەن و سروشتەی وێنەی دەگیرێ. کەچی لە تابلۆدا چیرۆکەکە زۆر قووڵترە، زۆر چڕترە، زۆر پەیت و تیرە. نیگارکێش دێت بە شێوەیەکی زیندوو، کار لە سەر تابلۆ دەکات، پێیدا دێتەوە، هەستی خۆی بە سەردا دەبارێنێ، هەناسەی رۆحی خۆی پێ دەبەخشێت، رەنگ و هێڵ و فۆرم دەدوێنێ، بە کورتی ئەو جۆرە داهێنانێکی دی، بە دەم ئەوەی لە واقیعدا هەیە، دەکات. ئەو وەك کامێرا نییە کە کارێکی بێ گیان و سارد و سڕ بکات، بەڵکوو ئەو پرۆسەیەکی زیندووی ئەفراندن دەکات، کە ئەفلاتوون بە لاسایی کردنەوەی سروشت ناوی بردووە. ئا ئەم سیحر و تەلیسمەیە وا دەکات، ئێمە تەنیا جارێ یان رەنگە بگاتە چەند جارێك تەماشای وێنەی فۆتۆ دەکەین و لێی تێر دەبین، کەچی تابلۆ ئەگەر سەدان و هەزاران جاریش تەماشای بکەین، هەرگیز لێی تێر نابین. تابلۆ چیرۆك و حەکایەتێك دەهۆنێتەوە، بەڵام وێنە فۆتۆ پەنجە مۆرێکی بێ گیانە.

پەیوەست بەم پرۆسەیە، دەبێ سەلام محەمەدی چیی کرد بێت؟

ئێمە ئەگەر باوەڕمان بەو راستییە هەبێت، کە سەرەتا هونەرمەند خۆی بە ئەندێشەی قووڵدا دەچێت، لە ئاست ئەو بابەت و فیگەرانەی لە دەوروبەری خۆیدان، ئەوانە زۆر بە قووڵی و بە شێوەیەکی جوان کار لە ناخی دەکەن، جۆرێك لە سەرسوڕمان و حەز و خولیا لە نێو دەروونی ئەودا دەچێنن. ئەو هەستانە بۆی دەبنە پاڵنەر و توێشووی کار کردن. پاشان هەوڵ دەدات ئەندێشەی خۆی بە کار و کردار بەرجەستە بکات، ئەو کار و کردارەش هەرچەندی کارامەیی







خۆی تێدا بنوێنێ، ئەوەندە زیاتر لە پیشاندانی دیوی دەرەوەی ئەندێشەکانی، یان ئەو رادە و ئەندازەیەی ئەندێشە کە قابیلی گوتن و گێڕانەوە و کێشانن، بە ئێمەی بینەر سەرکەوتوو دەبێت. ئەم هەوڵ و تەقەلایەی هونەرمەند دواجار دەبێتە مایەی خرۆشانی ئێمەی بینەر، تووشی ئەندێشەمان دەکات، هەست و سۆزمان دەبزوێنێ و تووشی سەرسوڕمانمان دەکات. ئەم نیگارکێشە کە تایبەتمەندی لە وێنەی فرە ریالیستدا کردووە بە ستایلی کار کردنی، بەرهەمەکانی ئەوە دەخەنە روو، کە فرە شەیدای ژینگە و کولتووری گەلەکەی خۆیەتی. ئەوەتا مۆدێلی پۆرترێت و تابلۆکانی لە ژینگەیەکی ساغ کوردەواریانە چنیوەتەوە. لە تەکنیکدا فرە ورد کاری کردووە، بە سەلیقەیەکی زۆر وردەکارانە بە نێو بچووکترین وردەکاریی سیما و روخساری مۆدێل و فیگەرەکانیدا شۆڕ بووەتەوە، لە بچووکترین رووبەردا زۆر وردەکارانە کاری کردووە. دیارە کاتێك نیگارکێش وردەکاری لە رووبەری بچووکدا دەنوێنێ، لێی چاوەڕوان دەکرێت کە ریتمی روانگە و تان و پۆی توێکاری کۆنترۆڵ بکات. ئەم رەگەزانە هەر هەموویان بە دروستی لە تابلۆ پۆرترێتەکانی (محەمەدی)دا بەدی هاتوون.

دەبێ بشڵێین

کە چاوێکی سیحراوی هەیە، ورد لە شتان دەڕوانێت تا رادەی ئەوەی لە کامێرا پتر پەی بە وردەکاییی شاراوەی فیگەر دەبات، بۆیە توانیویەتی ئاستی پیشەییانەی کارکردنی بگەیەنێتە پلەیەکی باڵا. ئەو چ بە رەنگی ئەکریلك، یان بە قەڵەمی دار کاری کردبێت، هەمان ئاستی وردەکاری لە تابلۆکانی دەخاتەڕوو، کە کار لە ئەندێشەی بینەر دەکات و تووشی سەرسوڕمانی دەکات.



# لە پێناو زنجیرەیەک ١٢ کیلۆی کێشی دابەزاندووە

وێنەگرانی هونەری چەند وێنەیەکی نوێی خانمە ئەکتەری ناسراوی تورکیا تۆبا بۆیۆکستۆنی ناسراو بە (لەمیس) یان بڵاوکردەوە کە زۆر جیاواز لە وێنەکانی پێشووترە ئەویش بە هۆی ئەوەی کێشی لەشی زۆر دابەزیوە کە تا ئێستا بەو شێوەیە نەبینراوە لەو کاتەی هاتۆتە نێو گۆڕەپانی هونەرەوە.

لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە (لەمیس) نامۆ بوو بۆ رۆژنامەنووسان بۆیە یەکەم پرسیار کە ئاراستەیان کرد دەربارەی هۆکار و چۆنیەتی دابەزینی کێشی لەشی بووە بەو شێوەیە، لەمیس لە وەڵامدا وتی: بە هۆی پیادەکردنی ریجیمێکی قورس لە ماوەی رابردوودا توانیم ١٢ کیلۆگرام لە کێشم دابەزێنم، چونکە رۆڵی لە من لە کاری داهاتوومدا ئەوە دەخوازێت.

تۆبا دەربارەی کارە نوێیەکەی رایگەیاند: کاری داهاتووم بریتییە لە زنجیرە دramایەك بە ناوی (رەش و سپی ) کە کیفانج تاتلیتۆج رۆڵی پاڵەوان دەبینێت و رۆڵەکەشی بریتییە لە بکوژێك کە دەیەوێ کچێك بخاتە داوی خۆی بۆ ئەوەی بیکوژێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەو کچە و بەم شێوەیەش رووداوەکانی زنجیرەکە بەردەوام دەبن.



# ڕۆشان شێوازێکی نوێی ریکلام بەکاردەهێنێت

هەر ئەکتەرێك بۆ سەرکەوتنی کارە هونەرییەکانی شێوازێك بەکاردەهێنێت بەر لە نمایشکردنی فیلمەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت سەرنجی زۆرترین بینەر و هەواداری خۆی رابکێشێت و فیلمەکەش لە رووی داهاتەوە سەرکەوتنی زۆر بەدەست بهێنێت.

ئەستێرەی ناوداری بۆڵیۆد هریسیك رۆشان شێوازێکی نوێی پیادە کردووە لە ریکلام کردن بۆ فیلمە نوێیەکەی بە ناوی (مۆهینجۆ دارۆ) کە بۆجا هیجدە رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت و بڕیار وایە لە چەند رۆژی داهاتوو نمایش بکرێت. رۆشان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام چەندین تویتی نووسیبوو بۆ پاڵپشتیکردن لە تیمی ئەکتەرانی فیلمەکە و بە نیتیش بارووداج دەستی پێکرد و بە بۆجا هیجدە کۆتایی پێ هێنا کە رۆڵی شانی لە فیلمەکەدا دەبینێ.

هریسیك لە تویتەکانی خۆیدا چەند رووداوێکی شاراوەی دەربارەی فیلمەکە ئاشکرا کرد لە رێگای باسکردنی چەندین کەسایەتی جۆراوجۆر لە یەك کاتدا و ئەمەشی بە باشترین رێگا داناوە بۆ راکێشانی سەرنجی بینەران و بینینی فیلمەکە.



# نەتالیا خۆی بۆ بەرهەمێکی نوێ ئامادە دەکات

خانمە ئەکتەری کوردی ئۆکرانیا هۆزان ناتالیا کە ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان رایگەیاند لە ئێستادا سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ بەرهەمێکی هونەریی نوێ کە چەند گۆرانییەك لە خۆ دەگرێ.

ناتالیا (هۆزان ناتالیا) خانمە هونەرمەندێکی دەنگخۆشی کوردی وڵاتی ئۆکراینایە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە و لەو کاتەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و بەردەوام لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە گۆرانییەکانی خۆشەویستیی خۆی بۆ نیشتمان دەربڕیوە. دەربارەی کارە نوێیەکەی وتی: من دەمێکە لە بواری گۆرانی خەبات دەکەم و خزمەت بە هونەری کوردی دەکەم، پێشتر چەندین بەرهەمی جیاجیام بڵاوکردۆتەوە، چ لە ئۆکرانیا و چ لە ئەڵمانیا، ئەمە جگە لە بەشداریکردنم لە بۆنە و ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بەڵام ماوەیەکە هەستم کرد بە هۆی چەند هۆکارێکی تایبەتەوە لە کاری هونەری دواکەوتووم، بۆیە بڕیارمدا بە بەرهەمێکی نوێ جەماوەرەکەم بەسەر بکەمەوە، کە چەند گۆرانییەکم ئامادەیە، بەڵام تا ئێستا ناوی بەرهەمەکەم هەڵنەبژاردووە و لە ماوەیەکی نزیکدا تەواوی زانیارییەکان دەربارەی ئەم بەرهەمە بڵاودەکەمەوە و هیوادارم بە دڵی جەماوەرەکەم بێت.

ناتالیا لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: مێژوو غەدرێکی زۆری لە نەتەوەی کورد کردووە، چونکە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان بە مافەکانی خۆیان شاد بوون و بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، تەنیا ئێمەی کورد نەبێت، دوژمنان هەمیشە هەوڵیانداوە مۆرکی نەتەوەیی و کەلتووری ئێمە بە هەموو شێوەیەك بسڕنەوە، بەڵام میللەتی کوردستان کۆڵی نەدا و بە درێژایی مێژووی دەستی کرد بە خەبات لە هەموو روویەکەوە و توانییان بوونی خۆیان بپارێزن، دوژمنان هەموو جۆرە چەك و توانایەکی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیی خۆیان دژی میللەتەکەمان بەکارهێنا، لە رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و بن پێ خستنی مافەکانمان تا دەگاتە قەتڵوعام کردن و ئەنفال و کیمیاباران.

## نیللی مەقدسی:

# بەبێ هونەر ناژیم، چونکە لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەن بەهرەی زۆرن لە گشت بوارەکانی هونەرەوە، بەڵام ناتوانن لەسەر یەك ڕێڕەو بەردەوام بن، جا لەبەر هەر هۆیەك بێت، هەندێك جار هۆکارەکان تایبەت و کەسین، جاری واش هەیە هۆکاری گشتین، نیللی مەقدسی یەکێکە لەو کچە گۆرانیبێژە لوبنانییانەی کە سەرەتا وەك گۆرانیبێژێکی بەتوانا دەرکەوت و خاوەن دەنگێکی خۆش و ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بە گۆرانیی خۆشە کە بە زیندوویی دەمێننەوە و سەرەڕای ئەوەی هەنگاوەکانی جێگیر نەبوون و دووچاری ئاستەنگی زۆر بۆوە و ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرا بە وورووژاندان و خۆ رووتکردنەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر دەبێت ون بووە و بەرهەمی نییە، ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە بە نیازە بەم نزیکانە بەرهەمێکی نوێ بڵاوبکاتەوە.

سەبارەت بە نوێترین بەرهەمی هونەری خۆی و و رای سەبارەت بە بەرهەمە کۆنەکانی دەڵێ: من هیچ کاتێك وام دانەناوە کە لە هونەر دوورکەوتبم، بەڵکو لە دوورەوە سەیری بارودۆخی هونەرم دەکرد و هیچ بەرهەمێکم نەبووە، من ناتوانم لە هونەر دووربکەومەوە، چونکە هونەر لەگەڵ خوێنی من تێکەڵ بووە و ئامادە نیم واز لە جەماوەرەکەم بێنم، هەر ئەو جەماوەرە زۆرەی منیشە کە بەردەوام داوام لێدەکات بگەڕێمەوە و لەم رووەوە چەندین وێنەی منیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردۆتەوە و داوای گەڕانەوەم دەکەن، بۆیە منیش بڕیارمداوە بەم نزیکانە بە بەرهەمێکی نوێ بگەڕێمەوە و پێشکەشیان بکەم کە چەند گۆرانییەکی کۆنی منە بە شێوازێکی نوێ دابەشم کردووە، چونکە هەندێك کار هەیە ناتوانم بیگۆڕم و جەماوەرەکەم بەو ستایلە منی ناسیوە و خۆیشم ناتوانم لەو ستایلە دەرچم و هەر ئەو ستایلە بوو کە منی وەك هونەرمەندێك دروستکرد و بە جەماوەری ناساندم، من پەشیمان نیم لەو کارانەی کە لە رابردوودا ئەنجامم داوە، چونکە لەو کارانەوە فێرە شتی نوێ بووم و ئازاریان نەداوم، تاکو لێیان پەشیمان بم.

سەبارەت بە بارودۆخی هونەر لە وڵاتانی عەرەبی لەم چەند ساڵەی رابردوودا نیللی دەڵێ: من لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لە گۆڕەپانی هونەریدام، بەداخەوە زۆر شت گۆڕاوە و ئەگەر سەیر بکەین دەبینین بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێ، پێشتر هەموو شتێك بە خۆشەویستی بۆ هونەر و جەماوەر دڵسۆزی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا ئێمە هەموو شتێك روونتر دەبینین کە پێشتر وا دیار نەبوو، جاران کەسانێك هەبوون تەمەنی خۆیان بۆ پێشخستنی هونەر تەرخان کردبوو و هەوڵی پێشخستنیان دەدا، بەداخەوە ئێستا پێچەوانەیە کەسانێك هەن بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن ئاستەنگ بخەنە بەردەم هونەرمەندان و بە شێوازی جیاجیا رێگری لە پێشخستنی هونەر



دەکەن. من وەك نیللی مەقدسی کاتێك رووم لە هونەر کرد هیوا و ئاواتی زۆرم هەبوو و زۆر لەوە زیاتر بوو کە تا ئێستا بەدەستم هێناوە، هەرچەندە زۆر بەرهەمەکانم بە سینگڵ پێشکەش کردووە، بەڵام هەوڵمداوە بە گوێرەی توانا دوور نەکەومەوە لە گۆڕەپانەکە جگە لەو چەند ساڵەی رابردوو نەبێت کە هۆکارەکەی بە دەست من نەبووە، بەڵام بەو هیوایەم لە داهاتوویەکی نزیکدا بە ئەلبوومێك بەهێزتر بگەڕێمەوە، چونکە هەست دەکەم خەڵك تەنیا حەز لە گۆرانی سینگڵ ناکات، بەڵکو زۆر کەس خوازیاری ئەلبوومی هونەرمەندانن.

سەبارەت بە جیاوازیی هونەری ساڵانی پێشوو و ئەوەی ئێستا پێشکەش دەکرێت و تۆمەتبارکردنی بە وروژاندن لە کارەکانیدا دەڵێ: بێگومان هونەری جاران زیندووتر بوو، ئێستا کاری زۆر لە کچە هونەرمەندەکان راستەقینە نییە، بەڵکو تەنیا سەرقاڵی ئەوەن لاسایی بکەنەوە، هەروەها زۆر لە نمایشکارەکان بوونەتە گۆرانیبێژ و هەرچۆنێك بێت شتێك دەڵێن ئەگەر بنەمای زانستی گۆرانیشیان تێدا نەبێت، بەجۆرێك وای لێهاتووە جەماوەر نازانێت کە گۆرانیبێژ و نمایشکار و سەماکار لە یەکتری جیا بکاتەوە، سەبارەت بە وروژاندن لە کلیپەکانم من هیچ کاتێك هەوڵم نەداوە بە ئەنقەست کلیپی وروژێنەر بەرهەم بهێنم، من خۆم لە گۆرانییەکانمدا پێشکەش دەکەم بەو شێوەیەی کە خزمەتی گۆرانییەکە بکات و هەوڵ دەدەم چەند تابلۆیەکی سەماکردن پێشکەش بکەم، و زیاتر پشت بە جوانکاری هونەری دەبەستم نەك وروژاندنێك کە بە چاوێکی بێ رێزییەوە سەیری ئافرەت بکات.

سەبارەت بەو کاتانەی کە تێیدا بە هەر هۆیەك بێت تووڕە دەبێت نیللی دەڵێ: هەوڵ دەدەم شتێك بخوێنمەوە و کەمێك لە کەسانی دەوروبەرم دوور دەکەومەوە، چونکە زۆر تووڕە دەبم و حەز ناکەم دڵی کەس بشکێنم و لە خۆمی تووڕە بکەم، پاش ماوەیەکی کورت هێمن دەبمەوە و تووڕەبوونەکەشم زۆر ناخایەنێت و کاتێك هێمن دەبمەوە هەموو شتێك لە بیر دەکەم و هیچ رق و کینەشم بەرامبەر بە کەس نامێنێت و ئەو کەسەی تووڕەی کردووم، زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، هەرچەندە خۆی وا هەست دەکات کە لەوانەیە هێرش بکەمە سەری.